ئەو ڕووداوانەی تەنها کات و شوێنیان جیاوازە

# لاوانی کرکوك و دووبارەبوونەوە هەمان سیناریۆ*



بەشدار عەلی

ناتواندرێ جیاوازیەك لە نێوان ژیانی لاوانی شارەکانی کوردستان و ژیانی لاوانی کەرکوك بەتایبەت بکرێت, چونکە موعانات و کێشەو گرفتەکانی لاوانی هەولێرو سلێمانی هەمان کێشەو گرفتە لاوانی کەرکوك گیرۆدەیی بوونە, کۆسپ و ڕێگری و دوژمنەکانی لاوان لە هەولێرو سلێمانی بە هەمان تفەنگ لە کەرکوك بۆ لاوانی ئەم شارە خۆیان قووت کردۆتەوە, ئەو یاساو دەستورانەی کە لەماوەی 15 ساڵی رابردوو لاوانی ئەم شارەی کردە ئیفلیج و خەون و خۆزگەکانی بەخاك سپاردوون و بە هەزارانی ناچار بە مەرگ کردو بە هەزارانی پەناهەندەی وڵاتان کرد, ئێستا وەکو فریاد رەسێك بۆ لاوانی ئەم شارە پێناسە دەکرێت, چەقۆ کێشان و تیرۆرستانی ئیسلامی بەهەموو باڵەکانیەوە جگە لە کوێرایەتی جگە لە نەهامەتی و کۆت وزنجیر ناتوانێ ئیتر پروپاگەندەی هەموو ئەو هێزانە بە کردەوە لەهەموو ناوچەکانی تر کە دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووە تاقیکراوەتەوە, لەماوەی 30 ساڵەی دژی سەدام ئەم پەیامە بە ڕۆشنی هەستی پێکراوەو خەڵکی بەگشتی و لاوان بەتایبەتی دووچاری بێزارییەکی لەرادەبەدەر کردووە. بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم زیاتر قسە لەسەر ئەوە بکەین کە چۆن بتوانین لاوان و سەرجەم خەڵکی شاری کەرکوك لەم حاڵەتە دەروونیە خراپەو وەزعیەتە شلەژاوە دەربکێشینە دەرەوە کە خەریکە کۆمەڵگا بەرەو مەترسیە ترسناکەکان دەبات.بەهۆی دەوڵەمەندی شارەکە بە کەرەستەی خاوی سوتەمەنی و یەدەگەکەی هەموو ئەو هێزانە کە لەسەرەوە پەیامەکەمان ڕۆشن کردەوە بە دەوڵەتانی ناوچەو جیهانیش بگرە چاویان بڕیوەتە ئەم شارەو لە هەوڵی وێران کردنیدان, بۆ هەرچی زیاتر بە تاڵان بردنی سەروەت و سامانەکەی, نەك خزمەتکردن و باشترکردنی ژیانی خەڵکەکەی.

لە ئەنجامدا خەریکە جەنگێك ڕوودات کە خەڵکی شارەکە بخاتە نێو مەنجەنیقێکی ترسناکەوە, جا لەم دەورانەدا ئەم نەوەیەش وەکو نەوەکانی پێشتر کە ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکان تەمەنەکەیانی

بۆخۆیانی برد دەبێت گەنجایەتی خۆیان بدەنە دەست زەمەن و بیر لە ژیانی گەنجایەتی و حەزو خۆزگە و هیوایەتە بیٚ سنوورەکانیان نەکەنەوە, لەنێو ئاگرو سەڕو کێشەی سوننەو شیعەو کورد و عەرەب و تورکمان ببنە قوربانی قازانج و بەرژەوەندی, کە هیچ پەیوەندییەکی بە ژیان و چارەنووسی ئەوانەوە نییە. ئومێد و چاوەڕوانیەکی زۆر لەنیگاو چاوی یەك بەیەکی لاوانی کەرکوکدا دەخوێندرێتەوە, بێزاری و نیگەرانیان خۆی لە خۆیدا مانای ئارەزووی دەستراگەیشتنیانە بە ژیانێکی ئارام و هێمن و ئازادو یەکسان, خۆپیێشاندانەکانیان بەمانای دەست راگەیشتنە بەسەرجەم ئامێرەکانی خۆش گوزەرانی و نازو نیعمەتەکانی ژیان, توڕەبوونەکانیان مانای ئەوەیە کە شەڕو کێشەی تائیفی و مەزهەبی و لەنێو هزری ئەواندا جێگای نابێتەوەو ئەنجامدەرانیان ریسوان لای ئەوان. هەموو ئەمانە دەتوانیٚ ئاسۆیەکی گەش و پرشنگدار بکات نسیبی لاوانی ئەمڕۆی ئەم شارە سەرجەم شارەکانی تر.ئەوی زیاتر دڵخۆشکەرە لەم ناوەدا داواو خواست و هیواو کێشەکانی لە هەولێرو سلێمانی و کەرکوك و دهۆك و سەرجەم ناوچەکانی تر لە یەك خاڵدا یەك دەگرێتەوەو جیاوازییەکی جەوهەری تیایدا بەدی ناکریٚ, وەکو لەسەرەتادا باسمان لێوە کرد ئەمەش دەتوانیٚ رێکخراوێکی بەهێزی یەکگرتووی سەراسەری لە دەوری ئەم خواست داوایانەی لێپێکبهێنرێت و بتوانیٚ لە ماوەیەکی کورتی زەمەنیدا ئەم مەترسییەی شەڕو تەفرەقەیە لەسەر خەڵکی ئەم شارە لابەرێت و رێگا نەدات زیاتر کێشەکان قوولٚ ببنەوەو لاوانی شارەکانی تریش پەلکێشی نێو ئەم کێشانە بکات, چونکە دڵنیابن ئەگەر شەڕو کێشەی مەزهەبی و قەومی لە کەرکوکدا رووبدات ئەم هێزانەی کە لە ئیمکانیاتی مادی و مەعنەوی ئەم وڵاتە بەهرەمەندن و چەندین ساڵە خەریکی چەك و سوپاو جبەخانەن بە موڵکی خەڵك, ئەوا لە کەربەلاو نەجەف و سلێمانی و هەولێر لاوان پەلکێش دەکەن بۆنێو ئەم سیناریۆ رەشە.لە جەنگی ڤێتنام بە هەزارەها لاو نەیانتوانی تەمەنی بەهاری خۆیان درێژە پێبدەن و لەگەڵ خەونەکانیان بەخاك سپێردران و دەسەڵاتدارانیش هەر خەریکی ژیان کردن و فەرمانڕەوایی خۆیان بوون, لە جەنگی عێراق و ئێران بە هەزارەها لاو بە کەم ئەندامی و کولە مەرگی سەریان نایەوە..... ئیتر لەهەر شوێنێك شەڕو کێشەی تیا بێت بەتایبەتی کێشەی مەزهەبی و قەومی هەبێت و هێزەکانی نێو ئەم کێشانە دەمکوت نەکرێنەوە ئەوا سات لەدوای سات ئاسەوارەکانی بەسەر خەڵکەوە خراپترو ناخۆشترو ترسناکتر دەبێت.لە کەرکوك ئەم مەترسییەی کەباسمان کرد بەتەواوی لەنێو گەرەکانداو وە لەنێو یەك گەرەکدا هەستی پیٚ دەکرێت و رۆژانەش لە پەرەسەندندایە, هێزە رەشەکانیش هەمیشە لە هەوڵی بردنە پێشەوەی بەرنامەو سیاسەتە دژ ئینسانیەکانی خۆیان دان لاوانی ئەم شارە بە پاڵپشتی سەرجەم شارەکانی تری کوردستان دەتوانین ئەم مێژووە پر لە شانازییە بۆخۆمان تۆمار بکەین. نەزمی نوێی دنیا وا خەریکە لە هەموو سوچێکی ئەم دنیایە گۆماوی خوێن بەڕیٚ دەکات با ئێمە لێرەدا فریای خۆمان بکەوین چونکە دڵنیابن تەنهاو تەنها هێزی خۆمان, یەکگرتوویی خۆمان دەتوانیٚ لەم وەزعیەتە ناخۆشییەتەدا دەرمان بێنن, با

بەیەکەوە رابین0

## *لەصدامەوە تا مالکی, لە مالکیەوە بەرەو کویێ؟

خەڵك بۆ دادو بێدادی بوو لە دەسەڵاتە نەگریسەکەی بەعس؟ خەڵك بۆچی خوێنی خۆی کردە کاسەوە بۆ رووخانی ئەم رژێمە ؟کەم خێزان هەیە قوربانی نەدابێت بۆ لە دەسەڵات نەمانی ئەم رژێمە, ئەم قوربانیدانە بۆچی ؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە رۆشنە کە رژێمی بەعس رژێمێکی دڕندە, چ کاریگەرییەکی کردە سەر کۆمەڵگای کوردستان و تەنانەت خودی کەسایەتی تاکەکان کەتاکو ئێستاش ئاسەواری بەسەریانەوە دیارە. بە زمانێکی سادەوە بەهۆی بەرنامەو پرۆگرامەکانی لە هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی....هتد وای کرد کە لە چاوی ئێمەوە دڕندەترین دەسەڵات بێت. چونکە لەسەردەمی ئەم دەسەڵاتەدا ئازادیخوازان بە وەحشیانەترین شێوە هێرشیان کرایە سەر, ژنان و لاوان و منداڵان لەژێر دواکەوتووترین و کۆنەپرسترین یاساو دەستوور و فەرهەنگ دەیان ناڵاند,رۆژە رەشی و ماڵوێرانیەکانی هەر دەورەیەکی تری ئەم دەسەڵاتە لەلایەکی تر بوەستیێ..... ئیتر دواجار چارەنووسی رژێم و سەرانی دەسەڵاتەکە بە رۆژە رەشترین ساتەکانی تەمەنیان گەیشتن و بوونە پەند بۆ دەسەڵاتە هاوشێوەکانیان لە ناوچەکەو جیهان و خودی ناسیۆنالیزمی عەرەبی, لە ساڵی 1991ەوە ئەم دەسەڵاتە لای ئێمە لە کوردستان گۆڕی گوم کرد و ئەحزابەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی دەسەڵاتیان گرتە دەست, بەڵام دیسانەوە هەموو داهاتی وڵات خرایە خزمەتی بەرژەوەندی شەخسی و چەك و جبەخانەو شەرە بێ ماناکانیان, ئیتر لە دوای راپەرین بەهۆی ئەم دەسەڵاتەوە وەزعیەتێك لە کوردستان هاتەکایەوە کەخەڵك ناچارکرا بۆ تەنها پاروونانێك, منداڵان لە لێشاو لە برسان دەمردن!, گەنجان و لاوان بەکۆمەڵ کۆچیان دەکرد, هەموو بەیەکەوە شەوورۆژیان دەخستە سەریەك, تەنها ژیانێکی مەمرەو مەژی بەنسیب بێت, لەلایەکی ترەوە بەردەوام کابوسی هاتنەوەی رژێمی بەعس بەسەر سەری خەڵکەوە بوو, چونکە کوردستان لەنێو سەرگەردانیەکدا ئۆقرەی گرتبوو کە نە دەوڵەتییێکی سەربەخۆ بوو وە نە بەشێك بوو لە عێراق.

ئیتر خەڵك لەبەر ئەم هۆکارانە فریای ژیانی خۆی نەدەکەوت و ئاگاداری زۆر لە رووداوەکان نەبوو, بەم جۆرە ئەحزابە ناسیۆنالیستی کوردی لاشەی خۆیان لە دەسەڵات راکێشا تا ئەمڕۆ, بەڵام ئێستا تا رادەیەك وەزعیەت و گوزەرانی خەڵك لەچاو پێشتر تا رادەیەك باش بووە (هەر چەندە تا ئێستاش بە هەزاران خێزان لەخوار هێڵی هەژاریەوە ژیان دەکەن), بەڵام لەرووی کار دەست کەوتنەوە گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە, ئیتر خەڵك داوای مافە سەرەتاییەکانی خۆی دەکات و دەپرسێت, ئەمانە لە 1991 بە کراشی دراوەوە هاتنەوە ئەم هەموو سەروەت و سامان و کۆشك و ڤێلاو سەیارەیان لە کویێ هێناوە؟! ئاوو کارەباو بەنزین و نەوت کە خۆمان لەژێر دەریای سوتەمەنیداین, بۆچی ببێت بە خەون و خەیاڵ؟! بۆچی خەڵکەکەی دەستیان بەساکارترین و سەرەتاترین ئامێرەکانی سەردەمەوە نەگات و ئەم بەرپرسانەی ئەمرۆش لەژیانی شاهانەو فیرعەونانە بژین؟! خەڵك نارازییە کە میراتی

وەحشیترین رژێم دامودەزگاو دادگاکان بەرێوە دەبات کە ئەم میراتانە دەستی هەزارەها بکوژی ئاوەڵاکردووە کە دایك و خوشك و ئامۆزاکانیان لەژێر بەهانەی پوچی ناموس پەرستی خەڵتانی خوێن بکەن, فەرهەنگ و داب و نەریتێکی لە کۆمەڵگا زاڵ کردووە کە ئینسان بە بینینی هێرنجی دێ. لەبەر ئەم هۆکارانە لەماوەی 3 ساڵی رابردوو خۆپیشاندانەکان و راپەرینەکان و مانگرتنەکان رۆژ لە دوای رۆژ لە پەرەسەندنداان و هەر رۆژێك لە سوچێکدا دەتەقێتەوە سەرباری رێگریەکان. بەڵام هەموو ئەم رووداوانە تەنها یەك مانا پەیدا دەکات کە قلشت و درزێکی گەورە لەنێوان خەڵك و دەسەڵات بوونی هەیە, تەنانەت لە رانیەو چوار قورنە دوایی خۆپیشاندانەکان پیاوانی پۆلیس و ئاسایش زۆر لە خۆیان ترساون کە خەڵکی نارازی بەردبارانیان نەکەن! لە کۆتاییدا دەڵێم , بەدەست ئەم دەسەڵاتانەوە ئێش و ئازارو مەینەتی و ناخۆشی نەماوە نەیچێژین, ئێستاش وا وردە وردە وەکو مۆم دەتوێینەوە, بەڵام ئەوەمان باشە دۆست و دوژمنی خۆمان دەناسین.